# ڕێبەری حەوتەم – وانەی ٢٧

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك)          لۆقا |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (لۆقا ٨: ١-١١: ٢٨).
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات .
تێبینەکانتان بنوسنەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) خۆشەویستی و ملکەچی : تیتۆس ٢: ٤- ٥ |

دوو بەدوو **پێداچوونەوە** بکەن . خۆشەویستی و ملکەچی : تیتۆس ٢: ٤- ٥

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕاهێنانی منداڵان لە نێو خێزانی باوەڕداری مەسیح |

**پێشەکی** : ئەم فێرکردنە تایبەتە بە ڕاهێنانی منداڵان لەنێو خێزانی باوەڕداری مەسیح . لەم وانەیەدا ئەوە دەخوێنین کە کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات لەبارەی بەرپرسیارێتی دایکوباوکی باوەڕدار لەڕاهێنانی منداڵەکانیان . واتای " تەمێکردن" یان "ڕاهێنان" ئەوەیە کە فێرکردن و پەیڕەوی جەستەیی و ڕۆحی و بیروئاکارو ڕەوشت پێشکەش بە منداڵەکەت بکەیت . بڕوانە پاشکۆی ١ لە ڕێبەری ڕێنمایی ٧ ، " تەمێکردنی منداڵ لە خێزانی باوەڕداری مەسیحدا" ، ئەوەی کە چارەسەری بابەتی بەرپرسیارێتی باوك دەکات لە تەمێکردن و ڕاهێنان وپەروەردەی منداڵەکەی .

دەشێ دایکوباوك کەمێك هەست بە ڕووخان بکەن کاتێ ئەم هەموو بنەمایە دەخوێننەوە لە کتێبی پیرۆزدا . چونکە هەست دەکەن کە دایکوباوکێکی باش نەبوونە ، یان ناتوانن ئەو بنەمایانە جێبەجێ بکەن . ئامانج لەم ڕاهێنانە ڕوخانی دایکوباوك نیە ، بەڵکو بەخشینی ڕێبەرێکی ڕێنماییە بە دایکوباوك سەبارەت بە چۆنیەتی فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵەکانیان . هیچ باوکێك پڕوتەواو نیە لە جیهاندا ، زۆربەی دایکان

وباوکان کاتێك بیر له پێگەیاندن و پەروەردەی منداڵ دەکەنەوە کە منداڵی یەکەمیان لەدایک دەبێت. زۆربەی دایکان وباوکان بێ ئەزمون و ناشارەزان کاتێ دەست دەکەن بە ڕاهێنانی منداڵەکانیان .

هەروەها پێویست ناکات چاوەڕوان بیت تا دەبیتە باوکێکی پڕوتەواو . چونکە خودا منداڵی بەخشیوە بە دایکوباوك لەگەڵ ئەوەشدا نیعمەتی پێ بەخشیون بۆ پەروەردەکردن وتەمێکردن وڕاهێنانی منداڵەکانیان . بۆیە ئەگەر باوکی ، ئەو لایەنە هەڵبژێرە کە حەز دەکەیت تیایدا کوڕەکەت فێر بکەیت و ڕاهێنانی پێ بکەیت وە جەخت بکەرەوە لەسەر ئەو لایەنە لە ڕاهێنانەکەدا تا بڕوات بەوە دەبێت کە دەتوانی لایەنێکی دیکە دەست پێبکەیت . بەردەوام بە لە پشتبەستن بە نیعمەتی خودا لە پێگەیاندن و پەروەردەی منداڵەکانت .

سلێمانی دانا لە پەندەکان ٢٢: ٦ پێمان دەڵێت : " منداڵ لەسەر ئەو ڕێگایە ڕابهێنە کە پێویستە بیگرێت، پیریش بێت لێی لا نادات. " وشەی "ڕابهێنە" واتە "تەرخانی بکە" بەو واتایەی "منداڵەکەت تەرخان بکە بۆ ئەو ڕێگایەی کە خودا دەیەوێ پیایدا بڕوات " وە واتای ئەمەش فێرکردنی منداڵانە لەسەر ئەو ڕێگەیەو ڕۆیشتنیان پیایدا. فێرکردنی منداڵ لەلایەن باوکەوە ڕاهێنان نیە ، وە گوێگرتنی باوك لە منداڵەکەی فێرکردن نیە.

ڕەزەوان کاتێ ڕاهێنان بە ڕەز دەکات و پەروەردەی دەکات شێوازی ڕاهێنانەکە بە ڕەزەکەی ناڵێت کە چۆن گەشەی پێدەکات . سروشت زۆر بەهێز ترە لە بیردۆزەکان ! چونکە دەبێت ڕەزەوان ڕەزەکە ببڕێ و چاودێری بکات و بەڕێوەی بەرێ . ڕەزەوان پایەیەك یان کۆڵەکەیەك دەچەقێنێ و پەرژینێکی بۆ دەکات لە شێوەی کەپر تاکو ڕەزەکە ڕێچکەی خۆی بگرێتە بەر و گەشە بکات وپەل بهاوێ . هەموو ساڵێك ئەو پەلکە مردوانەی دەبڕێ کە بەروبوم نادەن تاکو لەجێی ئەوان پەلکی باشتر دروست ببێت کە بەروبوم دەدەن . ئەمەش پەیڕەو دەبێت بەسەر دایکو باوکدا کە چۆن ڕاهێنان بکەن بە منداڵەکانیان و پلانیان بۆ دابنێن . دەبێت سنور دابنێن بۆ منداڵەکانیان تاکو بەو ڕێگەیەدا بڕۆن کە گەشەی پێدەکەن . باوك مندالەکەی وەك ڕەز دەبڕێتەوە لە تەمێکردندا وە ئامادەی دەکات و گەشەی پێدەکات ، وە چاودێری گەشە کردنەکەی دەکات لە ڕووی ئەرکە ڕاست و تەندروستەکانەوە ، وە بە تایبەتی لە ڕێگەی هاندانەوە .

**أ. شێوازی ڕاهێنان**

١ کۆرنسۆس ١١: ١ ؛ ئەفەسۆس ٦: ٤ ( ئاگاداری وشەکانی " پەست " و " تورە کردن " و " ئاگارکردنەوە" ) بن ؛ گەلاتیە ٦: ٤- ٥ ؛ پەندەکان ١٠: ١٧ **بخوێننەوە** .

**بزانە** . چوار شێوای پراکتیك هەیە بۆ ڕاهێنانی منداڵان بە تەواوەتی :

**<u>١. ببە بە نمونە بۆ منداڵەکەت و نوێژی لەپێناودا بکە .</u>**

کاتێ دەتەوێ شتێك یان کاروبارێك فێری منداڵەکەت بکەیت دەبێت بزانی کە فێرکردنێکی سەرکەوتوو بۆ منداڵ ئەوەیە دایکو باوکەکە پەیڕەوی بکەن لە خۆیاندا ئەگەرنا هیچ هیوایەك نیە بۆ سەرکەوتنی

فێرکردنەکە ! چونکە ئەو دوو ڕووییە تەنها منداڵەکە توڕە دەکات ! یەکەم نەریت ئەوەیە پێش ئەوەی هەوڵ بدەی منداڵەکەت فێر بکەیت هەوڵ بدە چاو لە دایکوباوکی بکات و شتەکان لە دایکو باوکەوە وەربگرێتەوە و وەك ئەوان بکات ! دەبێت دایکو باوك پێش منداڵەکانیان خۆیان ڕابهێنن ، ئیدی هەست دەکەن کە زۆر پێویستیان بە یارمەتی خودایی هەیە لەم بارەیەوە بۆیە دەبێت پشت بە خودا ببەستن بە نوێژ کردنەوە . خودا بەڵێنی داوە زۆر زیاتر کار بکات لەوەی دایکو باوك نوێژی بۆ دەکەن یان بیری لێ دەکەنەوە بۆ منداڵەکانیان .

## ٢. کتێبی پیرۆز فێری منداڵەکەت بکە .

ئەو ڕاهێنانەش فێرکردنی ڕاستی لە خۆ دەگرێ . دەبێت منداڵەکە ئەو ڕاستیە ئاشکراکراوەی لە کتێبی پیرۆزدایە بزانێ . ڕاستی ئاشکراکراوی نێو کتێبی پیرۆز گرنگترین بیروباوەڕ و بەهاو پێوەری تایبەتە بەو ژیانەی کە خودا ڕەزامەندی لەسەرە . دەبێت منداڵەکە تێبگات ڕاستی چی یە . دەبێت بەرچاوڕوونی هەبێت سەبارەت بە ئەوەی چی زۆر گرنگەو بایەخ بەچی بدات . دەبێت دانایی فێر بێت واتە بزانێ کام کارە ڕاستە تاکو ئەنجامی بدات ، وە کەی ئەنجامی بدات ، وە باشترین شێواز کامەیە بۆ ئەنجامدانی . بۆیە دەبێت دایکو باوك منداڵەکانیان فێری وشەکانی خودا بکەن و فێری گوێڕایەڵی بکەن لە ڕاهێنانەکانیاندا بەشێوەی پراکتیك . هەروەها بۆ وەڵامی پرسیاری منداڵەکانیان دەبێت بگەڕێنەوە بۆ کتێبی پیرۆز بەپێی توانا . بۆ منداڵەکانی دەربخە کە کتێبی پیرۆز زۆر شتی هەیە بیڵێ لەبارەی گرنگترین لایەنەکانی ژیان .

## ٣. منداڵەکەت ڕابهێنە کە نەریتی باش و چاك بەدەست بهێنێت .

هەروەها ڕاهێنانەکە پەیڕەوکردنی ئەو نەریتانە لەخۆ دەگرێ . دەبێت منداڵەکە فێری گوێڕایەڵی یان جێبەجێکردنی ڕاستی بێت لە ژیانیدا .

فێرکردنی منداڵ بۆ جێبەجێکردن سێ قۆناغە :

*یەکەم ،منداڵ پێکەوە لەگەڵ دایکوباکیدا لەو نمونانەوە فێر دەبێت کە ئەوان دەیکەن و ئەنجامی دەدەن .

*دوەم ، پاشان فێری ئەوە دەبێت کە هەمان ئەو ڕاستیانە ئەنجام بدات ، بەڵام بە بەردەوامی لەژێر سەرپەرشتی دایکوباوکیدا .

*سێ یەم ، دواتر فێر دەبێت کە ئەو ڕاستیانە ئەنجام بدات وەك نەریتێکی خۆی ، بەبێ سەرپەرشتی کردنیش .

منداڵ پێویستی بە ڕاهێنان وئاراستەکردن و هاندان هەیە . دەبێت دایکوباوك هانی بدەن کە چەسپاو بێت و بەردەوام بێت تا دەگاتە ئامانجەکەی . وە لەڕووی پەیڕەوکردنی نەریتەوە ، دەبێت دایکوباوك و منداڵانیان بزانن کە ئازادی سنوری هەیە . بۆیە ، دەبێت دایکوباوك منداڵانیان دوور بخەنەوە لە بژاردە زۆرەکان بەیەکجاری . وە لە ڕاهێنان لەسەر نەریت دەبێت دایکوباوك بەراوردی منداڵی خۆیان بە منداڵی دیکە نەکەن ، چونکە خودا منداڵانی بەجیاوازی لەیەکتر دروست کردوە . بەراوردکردن وورەی

دەڕوخێنێ و لاوازی دەکات. بۆیە دەبێت دایکوباوك منداڵەکانیان هان بدەن لە ڕێگەی پیاهەڵدان و وورە بەرزکردنەوەیان ودیاری پێشکەشکردن بەتایبەتی ئەو دیاریانەی کە پێشتر بەڵێنیان پێداون.

## **٤. تەمێکردنی منداڵ وراستەڕێکردنەوەی کاتێ بەڕێگەی هەڵەدا دەڕوات .**

ڕاهێنان ، تەمێکردن و ڕاستەڕێکردن لەخۆ دەگرێ . ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ منداڵەکە تاکو بەو ڕێگەیەدا بڕوات کە دەبێت بیگرێتە بەر . لە بەشی داهاتودا زیاتر شرۆڤەی ئەم خاڵە دەکەین ، ئەوەی تایبەت بێت بە تەمێکردن ، دەبێت دایکوباوك هەوڵ بدەن جیاوازی بکەن لە نێوان پێویستی منداڵەکەو خۆشەویستیان بۆی لەلایەك ، وە لەلایەکی دیکەوە یاخی بوونی منداڵ لە دەسەڵاتی باوك. دانا لە پەندەکان ١٠: ١٧ دەفەرموێ : " ئەوەی چاوی لە تەمێکردنە لەسەر ڕێچکەی ژیانە ، بەڵام ئەوەی واز لە سەرزەنشت بهێنێت گومڕا دەبێت."

## **ب. لایەنەکانی ڕاهێنان**

**پێشەکی** : لۆقا ٢: ٥٢ دەخوێنینەوە : " عیساش لە دانایی و باڵا گەشەی دەکرد، جێی ڕەزامەندی خودا و خەڵکی بوو."

ئەم ئایەتە چەند لایەنێکی گرنگمان فێر دەکات وەك ئەمانەی خوارەوە :

*"دانایی" : ئەمەش لایەنی زانین و جێبەجێکردنیەتی لەبارودۆخە جیاوازەکانی ژیاندا .

*"باڵا" : ئەمەش لایەنی جەستەییە لە گەشەکردن.

*"نیعمەت و ڕەزامەندی خودا" ئەمەش گەشەکردنە لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە .

باسی لایەنی سۆزداری ناکات بەشێوەیەکی تایبەت ، بەڵام بەتەواوەتی گرێدراوە بە هەموو لایەنەکانی دیکەوە .

ئەو لایەنانەی لە لۆقا ٢: ٥٢ باس کراون لایەنی گەورەو فراوانن ، ناکرێ لەم وانەیەدا گفتوگۆی لەبارەوە بکەین . بەڵام هەندێ لایەنی دیاریکراوی زۆر گرنگ دەخوێنین لەم وانەیەدا ، وەکو گوێڕایەڵی و ڕێز و ڕێکردن لەگەڵ خودا و بەسەرخۆدا زاڵ بوون و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ، هەڵبەتە ئەم لایەنانە بابەتی سەرەکین بەتەواوەتی بۆ گەشەی منداڵ .

## **١. ڕاهێنانی منداڵ لەسەر گوێڕایەڵی .**

ئەفەسۆس ٦: ١ **بخوێنەوە** .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو هۆکارە گرنگەی ڕاهێنانی منداڵ لەسەر گوێڕایەڵی کردنی بۆ ڕاستی و ژیان بە دروستی و چاکە چی یە ؟

**تێبینیەکان .**

یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی ڕاهێنان ئەوەیە منداڵ فێربکەیت و ڕابهێنی گوێڕایەڵی دایکوباوکی بێت .

خوداوەند فەرمانمان پێدەکات لە ڕێگەی وشەکانیەوە لە ئەفەسۆس ٦: ١ و دەفەرموێ : " ئەی منداڵان، لەبەر مەسیحی باڵادەست، گوێڕایەڵی دایك و باوکتان بن، چونکە ئەمە ڕاستە." ئەمە یەکەمین وگرنگترین فێرکردنە لەلایەن باوکودایکەوە بۆ منداڵ ! ئەمە کلیلی ڕاهێنانی منداڵە بۆ هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیان ! ئەم بەشەی کتێب فەرمان دەکات بە منداڵی باوەڕدارانی مەسیح کە گوێڕایەڵی دایکوباوکیان بن ، لەبەرئەوە نا کە دایکوباوکیان باوەڕدارن بە مەسیح " لە خوداوەندان" ، بەڵکو لەبەرئەوەی خۆیان باوەڕداری مەسیحن "لە خوداوەندان" . خودا زۆر دڵخۆش دەبێت کاتێ منداڵان گوێڕایەڵی دایکوباوکیان دەبن ئەگەرچی باوەڕدار بن یان نا . ئەمەیە هۆکاری ڕاهێنانی منداڵان لەسەر گوێڕایەڵی کردنی دایکوباوکیان " کاری دروست و ڕاست لەبەرچاوی خوداوەند ."

کاتێ منداڵ فێر دەبێت کە گوێڕایەڵی دایکوباوکی بکات لەکردنی هەموو کارێکی باش و چاکدا . ئیدی دەتوانێ لەهەموو لایەنەکانی دیکەی فێربوون و ڕاهێناندا فێربێت. بێگومان دەشێ دواتر ئەمە ببێتە هۆی فێربوونی لە گوێڕایەڵی کردنی خودا و گوێڕایەڵی کردنی دەسەڵاتداران ئەوەی دەسەڵاتیان لەسەری هەیە . بەڵام ئەگەر منداڵ فێری گوێڕایەڵی نەبێت ، ئیدی تەنها فێری کاری خراپەکاری وگێلایەتی دەبێت . گوێڕایەڵی کلیلی فێربوون وڕاهێنانە لەسەر نەریتە باش وچاکەکان ، ئەوەش شێوازێکە کە ڕەزامەندی خوداو خەڵکی بەدەست دەهێنێت و بەشداروهاوکار دەبێت لە بونیادنانی وڵات !

ئەگەر منداڵەکە گەورە بوو ، وە دایکوباوك نەیانتوانی فێری گوێڕایەڵی بکەن ، ئەوا دواتریش دەست پێبکەن بەفێرکردنی باشترە لەوەی هەر فێر نەکرێت ، وە دەبێت دایکوباوك پێی بڵێن کە نەیانتوانیوە فێری گوێڕایەڵی بکەن ، وە دەبێت نوێژ بکەن و دان بنێن بە کەمتەرخەمیان و دۆڕانیان ، ئیدی خودا لێیان خۆش دەبێت و داناییان دەداتێ کە چۆن ڕاهێنان وفێرکردن بدەن بە منداڵەکەیان ، دوای ئەمە دەبێت دایکوباوك دەست بکەن بە فێرکردن وڕاهێنانی منداڵەکەیان لەسەر گوێڕایەڵی . چونکە گەر دایکوباوك تەمێکردنی منداڵ فەرامۆش بکەن ، کاتێ منداڵەکە یاخی دەبێت و بەلەسە دەبێت لەڕاستیدا ئەوان لەسەر یاخی بوون و بەلەسە بوون ڕاهێنانی پێدەکەن !

دەبێت دایکوباوك هاوکاری منداڵیان بکەن تا تێوە نەگلێت بەڵکو بەشداری چالاکیە بەسودو باشەکان بکات ئەوانەی مایەی دڵخۆشین ، ئەگەرنا دەبێت دڵنیا بن کە منداڵەکەیان ئاکارو هەڵسوکەوتەکانی دەگۆڕێ بۆ ڕەفتاری ئازار بەخش ، وە دواتر بۆ هەڵسوکەوتی تاوانکاری . منداڵەکەتان ڕابهێنن و داوای لێبکەن چەند کارو بەرپرسیارێتیەکی ماڵ و کاروباری خێزانی لە ئەستۆ بگرێت ، کاتێ هەستتان کرد گوێڕایەڵە . هانی بدەن بۆ ئەوەی لەناخیدا دەستبەجێ هەروەها گوێڕایەڵ بێت گەر لەناخیشدا گوێڕایەڵ بوو ئێوەش گوزارش لە سوپاسگوزاریتان بکەن بۆی . ئەگەر گوێڕایەڵ نەبوو دەستبەجێ ، دەبێت دایکوباوك سوور بن لەسەر داواکاریەکەیان و تەمێی بکەن ، گەرنا دەبنە مایەی هاندانی منداڵەکەتان بۆ یاخی بوون . بەڵام گەر منداڵەکە دوودڵ بوو لەکردنی ئەو کارەی کە دەبێت بیکات ، بەهۆی ئەوەی هەستی بە دڵنیایی نەکرد یان بەهۆی ترس ، دەبێت دایکوباوك هانی بدەن و یارمەتی بدەن لە کارەکەدا تا متمانەی بەخۆی دەبێت بۆ ئەنجام دانی کارەکە بە تەنها .

**__٢. ڕاهێنانی منداڵ لەسەر ڕێز گرتن لە دایکوباوکی .__**

ئەفەسۆس ٦: ٢- ٣ **بخوێنەوە** .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چۆن دەکرێ منداڵ بەشێوەیەکی پراکتیك ڕێز لەدایکوباوکی بگرێت ؟

**تێبینیەکان** .

لایەنێکی دیکەی گرنگ لە ڕاهێنان ئەوەیە منداڵەکە فێر بکەیت و ڕابهێنی ڕێز لە دایکوباوکی بگرێت .

واتای ڕێز بەخشینی نرخ وپێگەو بەهایە بۆ دایکوباوك وە خۆشویستنیان بەبێ هیچ دوودڵیەك ، وە بەبێ هۆی خۆویستی یان ترس. سێ ڕێگە هەیە دەبێت منداڵان لێوەی فێر بن کە چۆن ڕێز لە دایکوباوکیان بگرن : *منداڵ ڕێز لەدایکوباوکی بگرێت بەبێ مشتومڕ و شەڕکردن لەگەڵیاندا . لەبری شەڕکردن لەگەڵیان دەبێت منداڵ فێر بێت گوزارش لە بۆچوونی خۆی بکات بەشێوازێکی نەرمونیان ، پاشان ڕێگە بدات بە خودا کار بکات تیایدا بەو شێوەی جێی ڕەزامەندیەتی . دەبێت منداڵان دووزمانی نەکەن و بەخراپە باسی دایکوباوکیان یان هەر کەسێکی دیکە نەکەن ، چونکە دووزمانی سوکایەتی و خراپەیە بەرامبەر بە خەڵکی ! (بڕوانە پەندەکان ١٧: ٩)

*منداڵ ڕێز لەدایکوباوکی بگرێت بەوەی پێشنیار و ئامۆژگاریەکانیان بەهەند وەربگرێ . کتێبی پیرۆز دەفەرموێ پێویستە منداڵ ڕاستی و دانایی و تەمێکردن وتێگەیشتن لەدایکوباوکیەوە وەربگرێت (پەندەکان ٢٣: ٢٣) . کاتێ دایکوباوك پێشنیارێك دەکەن بۆ منداڵ یان ئامۆژگاریەکی دەکەن ، دەبێت منداڵەکە بەهەند وەری بگرێ . تا دەرفەت هەیە بۆ منداڵەکە دەبێت فێر بێت و سود لە ئەزمونی کەڵەکەبووی درێژخایەنی دایکوباوکی وەربگرێ .

*منداڵ ڕێز لەدایکوباوکی بگرێت بەو شێوەیەی دایکوباوکی لە ژیانی ڕاستەقینەیدا بن . نامەی ٢کۆرنسۆس ٦: ١١- ١٣ فێرمان دەکات کە باوەڕدارانی مەسیح دڵیان بۆ یەکتری بکەنەوە . دەبێت منداڵ فێربێت کە دەستپێشخەری بکات لە وتوێژکردن لەگەڵ دایکوباوکی ، وە دەبێت فێربێت وتوێژیان لەگەڵدا بکات سەبارەت بە هەموو چالاکیەکانی و ئەو کارانەی دەیکات . دەبێت فێربێت باسی کارەکانی لە خوێندنگەو شوێنی کار بکات بۆ دایکوباوکی ، وە ئەوەی دەیکات لەگەڵ هاوڕێکانی و لە کڵێسادا . وە دەبێت فێربێت وتوێژیان لەگەڵدا بکات لەبارەی پەیوەندیەکانی : کێن هاوڕێکانی ، وە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵیاندا . وە دەبێت فێربێت دەربارەی باوەڕی و بیرۆکەی و هەستەکانی و پلانەکانی قسەیان بۆ بکات. وە جارێکی تر ، دەبێت دایکوباوکی باوەڕدار ببنە نمونە لەم لایەنەدا هەروەها. ئەگەر دایکوباوکی باوەڕداری مەسیح دڵیان نەکەنەوە بۆ منداڵەکانیان ، ئیدی چۆن چاوەڕوانی ئەوەبن منداڵەکانیان دڵیان بکەنەوە بۆیان ؟

## ٣. فێرکردن وراهێنانی منداڵ لە ڕێکردن لەگەڵ خودا .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چۆن دایکوباوك منداڵەکانیان فێردەکەن وڕادەهێنن بەشێوەیەکی پراکتیك ڕێبکەن لەگەڵ خودا ؟

**أ. دواوتار ٦: ٦- ٩ ؛ ٣٢: ٤٦ بخوێنەوە .**

کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات زۆر گرنگە کە ڕۆڵەکانی خودا "وردبنەوە" لە ڕاسپاردەکانی خودا و " تیایدا بچەسپێن و کاری پێبکەن" لە بیروهۆش و ژیانیاندا . دەفەرموێ : "... (ڕاسپاردەکانی خودا) بۆ منداڵەکانتان بگێڕنەوە و باسی بکەن کاتێك لەماڵ دادەنیشن ، وە کاتێك بەڕێگادا دەڕۆن و کاتێك دەخەون وکاتێك هەڵدەستن." دەبێت دایکوباوك ڕێگەبدەن بە وشەکانی خودا زاڵ بێت بەسەر کارەکانی دەستیان وبیروهۆش و ژینگەی ماڵەکانیان وکاروچالاکیەکانیان ! خودا دایکان وباوکان فێر دەکات و دەفەرموێ : " لە دڵەوە لە هەموو ئەو وشانە وردببنەوە کە من ئەمڕۆ شایەتی پێدەدەم لەسەرتان، هەتا فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن کە ئاگاداربن کار بە هەموو وشەکانی ئەم تەوراتە بکەن ."

**ب. ڕۆما ١٣: ١- ٥ ؛ کردار ٥: ٢٩ ؛ ١پەترۆس ٢: ١٩ بخوێنەوە .**

خودا بەرپرسیارێتی فێرکردن وڕاهێنانی داوە بە دایکوباوك کە منداڵەکانیان فێربکەن خوداوەند بناسن وگوێڕایەڵی بن ، هیچ دەسەڵاتێکی حوکمڕانیش مافی ئەوەی نیە ڕێگری بکات لەم کارەیان ! هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خودا خۆی ئەو بەرپرسیارێتی و دەسەڵاتە دیاریکراوەی داوە بە حوکمڕانەکان . ئەگەر دەسەڵات و حکومەتێك یان ڕژێمێك دیکتاتۆری بێت و باوەڕدارانی مەسیح ناچار بکات بەکردنی کارێك کە خودا ڕێگری لێکردوە ، ئەوا دەبێت باوەڕداران بە نەرمونیانی و هێمنی بەرهەڵستی بکەن نەك بە توندوتیژی . هەموو دەسەڵاتدارو حوکمڕانەکان بەرپرسیارن لە کۆتاییدا لەبەردەم ئەو خودایەی خۆی ڕاگەیاند لە کتێبی پیرۆزدا !

**ج. ٢تیمۆساوس ١: ٥؛ ٣: ١٥- ١٧ بخوێنەوە .**

کتێبی پیرۆز گرنگترین کتێبە کە دەبێت منداڵەکانمان بیخوێننەوەو لێی ورد بنەوە بە درێژایی ژیانیان . کتێبی پیرۆز زانینی ڕزگاری دەبەخشێ بە منداڵ وگەنج ، ڕاستیان فێر دەکات و ڕایان دەهێنێت لەسەر ژیانی ڕاستودروستی . کتێبی پیرۆز مرۆڤ پێگەیشتوو و پڕوتەواو دەکات ، وە ئامادەی دەکات بەتەواوەتی بۆ مزگێنیەکەی و ئەرکە گرنگەکەی لە ژیاندا. بۆیە دەبێت دایکوباوك منداڵەکانیان ڕابهێنن کە کتێبی پیرۆز بخوێننەوەو لێکۆڵینەوەی بکەن بە شێوازێکی تایبەت تاکو گوێڕایەڵی بن .

ڕەنگە دایکوباوك بتوانن پەنابەرنە بەر هەر شێوازێك بۆ فێرکردنی کتێبی پیرۆز . بۆ نمونە ، باوکەکە یان دایکەکە بەشێك لە کتێبی پیرۆز دەخوێنێتەوە و ئینجا لێکۆڵینەوە لەئەو بەشە دەکەن پێکەوە لەگەڵ منداڵەکانیان . وە دەتوانن کاتێك تەرخان بکەن بۆ نوێژ وەکو خێزان پێکەوە . هەروەها دەتوانن ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز لەبەر بکەن پێکەوە . وە دەبێت دایکوباوك لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی منداڵ شرۆڤەی مزگێنی ئینجیل بکەن بۆ منداڵەکانیان وە دەرفەتیان بدەنێ بۆ ئەوەی پێشوازی لە عیسای مەسیح بکەن بۆ نێو ژیانیان ، ئەگەر پێشتر ئەمە نەکرێت ! کاتێ گەورە بوو منداڵەکە دەبێت دایکوباوك فێریان بکەن کە کاتی خەڵوەتیان هەبێت بەتەنها ڕۆژانە لەگەڵ خوداوەند . وە خێزانەکە دەتوانن خزمەتی عیسای مەسیح بکەن پێکەوە لە ماڵەکەیاندا ( یاقوب ٢: ١٥- ١٧) . بەم جۆرە ڕێگەو شێوازانە دەکرێ منداڵەکە باوەڕێکی پاك و باشی هەبێت وەکو دایکوباوکی . دەبێت دایکوباوك منداڵەکەیان هانبدەن بۆ گەشەکردن لە باوەڕ ، وە دەبێت بێ بەشی نەکەن لە چەندین ئەزمون کە دەکرێ لە ڕێگەیەوە فێری متمانەکردن بێت بە خودا . هەروەها دەبێت بانگی منداڵەکەیان بکەن بۆ بەشداری لە ئەزمونی متمانەکردن بە خوداوەند .

**٤. ڕاهێنانی منداڵ لەسەر ئەوەی بەسەرخۆیدا زاڵ بێت .**

٢پەترۆس ١: ٥- ٦ ؛ پەندەکان ١٠: ١٩؛ ١٥: ١ ؛ ئەفەسۆس ٤: ٢٦ **بخوێنەوە** .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چۆن دایکوباوك دەتوانن منداڵەکەیان ڕابهێنن کە بەشێوەیەکی پراکتیك بەسەرخۆیدا زاڵ بێت ؟

**تێبینیەکان** .

" بەسەرخۆدا زاڵ بوون " ئەو توانایەیە کە مرۆڤ کۆنترۆڵی حەز و وتەو کارەکانی دەکات . دەبێت دایکوباوك منداڵەکانیان ڕابهێنن لەسەرئەوەی بتوانن زاڵ بن بەسەر حەزو وتەو کارەکانیان . بۆ نمونە ، دەبێت دایکوباوك ڕێگە نەدەن منداڵەکەیان بەردەوام پێداگری بکات لەوەی دەیەوێ . ئەگەر ڕێگەیان دا ، ئیدی منداڵەکە ئەم شێوازە بەکاردەهێنێ بۆ هەر شتێك بیەوێ !

سلێمانی دانا لە پەندەکان ١٥: ١ پێمان دەڵێ : " وەڵامی نەرم (لەلایەن باوکی منداڵەکەوە) تووڕەیی دەڕەوێنێتەوە، بەڵام قسەی بریندارکەر ڕق دەوروژێنێت ." وە لە پەندەکان ١٠: ١٩ دەفەرموێ : " قسەی زۆر(لەلایەن باوکی منداڵەکەوە) بێ گوناە نابێت، بەڵام ئەوەی زمانی خۆی بگرێت ورییە." دەبێت باوك نمونە بێت بۆ منداڵەکەی لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەهێمنی و نەرمونیانی . وە دەبێت منداڵەکانیان ڕابهێنن کە شوێن ڕێچکەی هێمنی ونەرمونیانی بکەون کاتێ لەگەڵ یەکتر دەدوێن ، یان کاتێ تووڕەو بێزار و پەست دەبن .

هەندێ لە منداڵان گوزارش لە تورەییەکانیان دەکەن بەشێوازێك کە خاڵیە لە هەموو خۆزاڵ بوونێك بەسەر خۆدا ، ئەوان گوزارش دەکەن بە تورەییەك کە تێکەڵە بە توندوتیژی و تەنانەت جاری وا هەیە شتومەك و کەلوپەلی ناوماڵیشی تێدا دەشکێ و لەبەین دەچێ ، یان گوزارش لە تورەییەکەی دەکات بە وشەی خراپ و جوێن ، ئەمەش دەبێتە هۆی بریندارکردنی هەستی ئەوانی دیکە و سنوری خۆی دەبەزێنێ و ئابڕوی خۆی لەکەدار دەکات . دایکوباوکی دانا ڕێگە دەدەن بە منداڵەکانیان کە گوزارش بکەن لە توڕەییان ، بەڵام دەبێت یارمەتی بدەن لە گەشەدانی بە خەسڵەتی زاڵبوون بەسەرخۆدا بۆ گوزارشی لە توڕەبوونەکەی . "پەیژەی توڕەیی" گوزارشەکانی توڕەیی ڕوون دەکاتەوە لە خراپەی خوارەوە بەرەو باشترینی سەرەوە (بڕوانە ڕێبەری ڕێنمایی ٤ ، وە پاشکۆی ٢ ، " خوڕەوشتی باوەڕداری مەسیح :توڕەبوون"). دەبێت دایکوباوك منداڵەکانیان ڕابهێنن لەسەر زاڵبوون بەسەرخۆدا . هەر جارێك کە توڕەدەبن دەبێت ڕاهێنانیان پێبکەن بە شێوازی ئەرێنی گوزارش بکەن لە توڕەییان . بۆ نمونە ، ئەگەر لە ڕابردوودا بەشێوازی توندوتیژ گوزارشی کردوە لە توڕەییەکەی ، دەبێت فێر بکرێ بە بێ توندوتیژی گوزارش بکات لە توڕەییەکەی . وە دەبێت باوك هانی منداڵەکەی بدات یان خەڵاتی بکات کاتێ بەرەو باش بوون دەچێت لە گوزراش کردنی توڕەییەکەی .

دایکوباوك بەم پێنج ڕێگەیە دەتوانن منداڵەکانیان فێربکەن وڕابهێنن لەسەر زاڵبوون بەسەرخۆدا :

* بەوەی کە منداڵەکە لە توڕەبووندا خاو بێت ، واتە بێزار نەبێت لەهەر هەڵەیەك کە ڕوودەدات ، وە مامەڵە نەکات بەبێزاری لەگەڵ هەر شتێکی بێزار کەر و وایدانەنێ کە هێرشێکە بۆ سەر کەسایەتی ئەو (یاقوب ١: ١٩) .

* تا ڕۆژئاوا بوون به توڕەیی نەمێنێتەوە ( ئەفەسۆس ٤: ٢٦).

* دوور کەوتنەوەی لەو منداڵانەی هەڵچونیان هەیە و زوو توڕە دەبن ، بۆئەوەی نەکەوێتە ژێر کاریگەریانەوە ( پەندەکان ٢٢: ٢٤- ٢٥).

* توڕەییەکەی نەشارێتەوە و ئینکاری لێنەکات ، بەوەی جەخت بکاتەوە لەسەر لایەنە ئەرێنیەکانی ئەو کەسەی لێی توڕەییە یان بەهۆیەوە توڕەیە ( ڕۆما ١٢: ١٠).

* پارێزگاری لە لیستی هەڵەی ئەوانە نەکات کە لە دژی خراپەیان ئەنجام داوە ( ١کۆرنسۆس ١٣: ٥) .

**٥. ڕاهێنانی منداڵ بۆ گەشەکردن لەهەستکردن بە بەرپرسیارێتی .**

شینەکانی یەرمیا ٣: ٢٧ **بخوێنەوە** .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چۆن دایکوباوك دەتوانن منداڵەکانیان ڕابهێنن بۆ گەشەکردنیان لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەشێوەی کردەیی ؟

**تێبینیەکان** .

بەشێك لەهەڵگرتنی نیر لەلایەن کوڕی بچوکەوە ئەوەیە هەست بە بەرپرسیارێتیەکی دیاریکراو بکات ، وە دەبێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێ سەبارەت بە بەرپرسیارێتیەکەی . دەبێت دایکوباوك بەرپرسیارێتی زیاتر بدەن بە منداڵەکانیان لە ماڵەوەو دەرەوە . بۆ نمونە ، ڕاییبهێنە لەسەر ئەوەی شوێنی نوستنەکەی خاوێن بکاتەوەو نوێنەکەی قەد بکات . وە ڕێگەی بدە بەشداری بکات لە بەرپرسیارێتی خێزان لە ماڵەوە یان لە کێڵگە یان لە فرۆشگا یانیش لە کارگە . کوڕیکە ڕابهێنە هەست بکات بە بەرپرسیارێتی تایبەت بە ئاو و کەلوپەل و شتومەکەکان . منداڵ ڕابهێنە لەسەر گەشت کردن ، وە ڕاییبهێنە لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو خەڵکێکی جیاواز ، بەتایبەتی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر بە شێوازێکی تەندروست و ڕێکوپێك . هەروەها ڕاییبهێنە لەسەر لەئەستۆ گرتنت بەرپرسیارێتیەك لە کڵێسادا .

## ج. قۆناغەکانی ڕاهێنان

**بزانە** : دەبێت فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە ڕاهێنانی منداڵ لەچوارچێوەی پراکتیزدا بێت . ئینجا چەندین قۆناغ هەیە بۆ ڕاهێنانی منداڵ : ئەزمون ئەوەی دەرخستوە کە گرنگترین ساڵەکانی پێگەیاندنی منداڵ لەنێوان لەدایکبوون و پێنج ساڵیدایە ، پاشان لەنێوان شەش ساڵی تا یازدە ساڵیدا. ئەمانەی خوارەوە تێڕوانینێکی کورتە بۆ چوار قۆناغی ڕاهێنانی منداڵ تا یازدە ساڵی . بەڵام لەیادت بێت ڕەنگە جیاوازی هەبێت لە نێوان منداڵاندا بەهۆی بارودۆخی منداڵ و فەرهەنگ و ڕەگەز و کەسایەتیەکانیان .

**١. قۆناغی یەکەمی ڕاهێنان تا نزیکەی دوو ساڵی .**

ئەم قۆناغە زۆر گرنگە لە ڕاهێنانی منداڵ بۆ گوێڕایەڵی . لەڕووی جەستەییەوە دەبێت منداڵەکە ڕابهێنرێ لەسەر شێوازی نانخواردن و کارامەیی لە جوڵەکانیدا و وتوێژکردنی ، تاد.

**<u>٢. قۆناغی دووەمی ڕاهێنان لەنێوان دوو ساڵی تا نزیکەی سێ ساڵی.</u>**

لەم ماوەیەدا زۆربەی منداڵان باوکیان تاقی دەکەنەوە تا بزانن سنوریان تا کوێیە و چۆن دەتوانن ئەنجامەکانی کارەکانیان سەرکەوتوو بێت . ئەم ماوەیە گرنگە بۆ ڕاهێنانی منداڵەکە لەسەر ڕازی بوون بە تەمێکردن . دەبێت باوک پێناسەیەکی ڕوونی سنوردانان بۆ منداڵەکەی بکات کە هەست بە ئارامی بکات ، وە سزادانی منداڵەکە ئەگەر ئەو سنورەی بەزاند ، یان بەشانوباڵیدا هەڵبدرێ کاتێ پارێزگاری لێ دەکات و سنور نابەزێنێت . لەڕووی سۆزداریەوە دەبێت منداڵەکە ڕابهێنرێت زاڵ بێت بەسەر خۆیدا لە پەرچەکردارو وەڵامدانەوەکانی ، وە بەتایبەتی لەسەر "بەسەرخۆدا زاڵبوون" لەم ماوەیەدا منداڵ پێویستی بە هەستکردن بە ئارامی خۆشەویستی هەیە و پێی باشترە زیاتر لەگەڵ دایکیدا بێت .

**<u>٣. قۆناغی سێ یەمی ڕاهێنان لە نێوان سێ ساڵی تا نزیکەی پێنج ساڵی.</u>**

**أ. لەڕووی جەستەییەوە :**

منداڵەکە ڕابهێنە لەسەر پاکوخاوێن ڕاگرتنی لەشی ، تاد.

**ب. لەڕووی بیرو عەقڵەوە :**

منداڵ بەبەردەوامی پرسیار دەکات : "بۆچی؟" دایکوباوك دەبێت کات تەرخان بکەن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی منداڵەکە .

هەڵوێستی فێرکردنی منداڵەکە گەشە پێ بدە بەئاماژەکردن بە بابەتگەلێك کە تایبەتمەندن بە ژیانەوە ، وە پەیوەندیەکانی ئەو بەو شتانەوە وەکو ڕوەك وئاژەڵان ، تاد. وە کتێبی نوێی بۆ بخوێنەوەو فێری سرودی ڕۆحی خۆشی بکە و پێکەوە فێرکردنەکان ئەنجام بدەن !

**ج. لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە :**

ئەم ماوەیە هەروەها گرنگە بۆ دەستپێکردنی ڕاهێنان بە منداڵەکە لەسەر کارامەیی بوونی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ، وەکو چاوپێکەوتنی لەگەڵ خەڵکی و هاوڕێیەتی کەسانی دیکەو هاوتەمەنەکانی .

**د. لەڕووی دروستکردنی کەسایەتیەوە :**

دەست بکە بە فێرکردنی منداڵەکە لەسەر هەستکردن بە بەرپرسیارێتی . بۆ نمونە ، منداڵەکە ڕابهێنە یاریەکانی کۆ بکاتەوە ، وە هاوکاری بکات لە کاروباری ماڵەوە ، تاد . بەردەوام بە لە ڕاهێنانی منداڵەکە لەسەر بەسەرخۆزاڵ بوونی لە گوزارشکردنی لایەنی سۆزداری ، بەتایبەتی ئەوەی پەیوندی بە گوزارشکردنەوە هەبێت لە تورەیی بەشێوازی دروست.

**هـ . لەڕووی ڕۆحیەوە :**

ئەم ماوەیە گرنگە بۆ ڕاهێنانی منداڵەکە لەسەر ڕێکردن لەگەڵ خودا . موژدەی ئینجیلی فێر بکە ، وە زۆرێك لە چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆزی بۆ بخوێنەوە ، وە فێری بکە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز لەبەر بکات ، وە نوێژ بکات و سرودی ڕۆحی بڵێتەوە .

**٤. قۆناغی چوارەمی ڕاهێنان لەنێوان شەش ساڵی و نزیکەی یازدە ساڵیدا.**

**أ. لەڕووی جەستەییەوە :**

ئەم ماوەیە باشترین ماوەیە بۆ ڕاهێنانی منداڵ لەسەر کارامەیی لە چاودێری کردن و گرنگیدان بەکاروباری ماڵەوەو مۆزیك و یاریە وەرزشیەکان و یاریەکانی دیکە . فێرکردنێکی دروست و ڕاست پێشکەش بە منداڵەکە بکە لەڕووی سێکسەوە ، وە ڕایبهێنە لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ پارە بەشێوەیەك هەست بە بەرپرسیارێتی بکات .

**ب. لەڕووی بیرو عەقڵەوە :**

ئەم ماوەیە کە منداڵ بەتایبەتی تیایدا حەز بە خوێندنەوە و کۆکردنەوەی شتومەک و گەشتکردن دەکات . بۆیە ، هانی بدە لەسەر خوێندنەوەی کتێبی نوێ ، وە هانی بدە لەسەر کۆکردنەوەی شتومەکی گرنگ و بەسود . هەوڵ بدە لەگەڵیدا بڕۆ بۆ چەند شوێنێك .

**ج. لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە :**

ئەم ماوەیە باشترین ماوەیە کە تیایدا دەکرێ گەشە بە چالاکیە باوەکانی بدرێ لە نێو خێزان . هەوڵ بدەن کۆبونەوەی خێزانیتان هەبێت بەرێکوپێکی وە پێکەوە گەمە بکەن و پێکەوە گوێ لەو شتانە بگرن کە دەتانەوێ گوێبیستی بن وە سەردانی کەسانی دیکە بکەن پێکەوە . باشترە کە بیربکەنەوە لە گرێدانی کۆبونەوەی خێزانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بۆ بڕیاردان و پلانەکان پێکەوە . ئەم کۆبونەوانە یارمەتی منداڵەکە دەدات لەوەی تێبگات کە چۆن بڕیار بدات ، وە باشترە هەروەها بەشدار پێبکرێ لە بڕیارەکان وپلانەکاندا ، بەتایبەتی ئەو بڕیارو پلانانەی کە هەروەها کاریگەری هەیە بۆ سەر منداڵەکە . هەروەها ئەم ماوەیە باشترین ماوەیە کە تیایدا دەتوانی منداڵەکەت فێر بکەیت کە چۆن یارمەتی کەسانی دیکە بدات .

**د. لەڕووی دروستکردنی کەسایەتیەوە :**

منداڵ کە گوزارش دەکات لە هەست و سۆزدارییەکەی زیاتر بەهێز دەبێ و لەگەڵ ئەوەشدا ئاڵۆز دەبێت . بۆیە ، دەبێت دایکوباوك پێشوازی بکەن لە منداڵەکەیان . زۆر گرنگە دایکوباوك بەتوندی پێکەوە پەیوەست بن لە تێگەیشتن وخۆشەویستیان لەگەڵ منداڵەکانیان .

**هـ . لەڕووی ڕۆحیەوە :**

ئەم ماوەیە گرنگە بۆ یارمەتیدانی منداڵ بۆ گەشەکردنی لەپەیوەندیەکەی لەگەڵ مەسیح ، وە بەشداری کردنی لەگەڵ منداڵی باوەڕدارانی دیکە . دەبێت خێزان پێکەوە گفتوگۆی کتێبی پیرۆز بکەن و پێکەوە نوێژ بکەن . وە دەبێت دایکوباوك هەوڵ بدەن ئامادەکاری بکەن بۆ منداڵەکەیان لە پەیوەندی کردنی بە منداڵی باوەڕدارانی دیکەوە . لە کۆتاییدا ، دەبێت دایکوباوك منداڵیان ڕابهێنن بەتایبەتی لەسەر خوڕەوشتی بەرز و پێوەرە تایبەتمەندەکان بە ڕەفتاریان . دایکوباوك پێویستیان بەوەیە نوێژ بکەن

بەشێوەی ڕێکخراو و ڕێکوپێك لەپێناوی منداڵەکانیان تاوەکو خوداوەند نێعمەتیان پێ ببەخشێ و بیروباوەڕیان و ڕاسپاردەو پێوەرەکانی ژیانیان و بەها مەسیحیەکانیان و بیروباوەڕی کەسێتیان پیرۆز بکات .

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** |

**بە نۆرە نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

| | |
|---|---|
| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە " پێگەیاندنی منداڵ لە نێو خێزانی باوەڕداری مەسیح " .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە لۆقا ١١: ٢٩- ١٤: ٣٥ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە.
٤- لەبەرکردن : ڕامان بکە لە ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لەبەری بکە. چارەسەری کێشەکان : مەتا ٥: ٢٣- ٢٤ ڕۆژانە بەو پێنج ئایەتەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : یۆحەنا ١٢. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە.